www.kurdistannet.org
18-7-02 01:42:07

## نموونه له ئەدەبی لاتینی // و بانگەوازێك

(١)

### دوو پادشا و بورجی سەرگەردانییان

كورتە چیرۆكی : خۆرخێ لویس بۆرخێس(*)

و. لە ئیسپانییەوە : حەمەی ئەحمەد ڕەسووڵ

لە پیاوە بڕوادارە پیرۆزەكان دەگێڕنەوە (بەڵام خودا سەرووەری هەموو زانا و زانینەكانە) كەوا لە دێرین زەمانەوە و لە سەرووەختی بابلییە هەرە كۆنەكاندا پادشایەك، كە حوكمڕانی ئەو دەڤەرەی بەدەستەوە بوو، ئەندازیار و جادووگەرێكی ئەوتۆی گردكردنەوە بە مەبەستی ئەوەی كە بورجی -قوللە-ی سەرگەردانییەكی هێجگار سەرسوڕهێنەری وا چێبكەن كە تەنانەت هەرچی پیاوی نەبەرد و جەربەزە و بلیمەت هەن نەتوانن و نەوێرن لێوەی بچنە ژووری.. ئەوانەشی مۆڵەت دەقۆزنەوە و دەچنە ژوورەوە هەتا هەتایە وبۆ هەرگیز هەر وێڵ و وندا دەبن تیایدا... ئەو كارەش، نەعلەتی و نەفرەتییەك بوو، چونكێ كاری پەنهانیی و پەرجوو(**) نواندن تەنها لە خودا ئەوەشێتەوە و كاری كردن و گووتنی هیچ كەسێك نییە..!

پاش تێپەڕینی دەور و زەمانێك، پادشای عەرەبان بە مەبەستی سەردانێك هاتە نێو كۆشكەكەی پادشای بابل " لە پێناوی گاڵتە پێكردن و گاڵتەجاڕیدا لە ساویلكەیی میوانەكەی " كە هەتا دنیا دنیایە و ئەو چەرخ و سەردەمە بەسەردەچێ، وەك نێچیرێك بە كۆت و زنجیری ڕیسوایی بەند بكات..!

لەو دەمەدا پادشای میوان لە خودای میهرەبان پاڕایەوە و كەوتە نوێژدابەستن بۆوەی خودا بە فریادی بێت ودەركەی وێڵی و سەرگەردانییەكەی بۆ بدۆزێتەوە..... خواوەندیش لەوسەرو بەرەدا هاریكرد و بە دەنگییەوە هات، پادشای نێچیر، نێچیری میوان، هیچ جۆرە سكاڵایەك لە دەو و زارییەوە نەهاتنە دەرێ، بەڵام هەر هێندەی بە پادشای ئیمپراتۆریەتی بابل گووت ؛

كەوا ئەمیش لە وڵاتەكەی خۆیدا كە بە زێدی عەرەبان ناسراوە، ئەویش خودانی بورجێكی سەرگەردانییە كە باشترە لە قوللەی سەرگەردانییەكەی بابل...!

– ئەگەریەزدانی میهرەبانیش یار و هاریك ار بێت، ڕۆژێك لە ڕۆژان سەردانی وڵاتەكەم بكەن، ئەوجا بە چاوی خۆتان دەیبینن..!!

ئەمەی گووت و بەرەو وڵاتەكەی گەڕایەوە..

پاش دەمێكی كەم، بە سووپا و ئەفسەرانییەوە بۆ ڕوخاندن و هەرەسهێنانی ئیمپراتۆرییەتی بابلییەكان گەڕایەوە، هەر زوو خۆشبەختانە شووراى پادشای بابلییانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە ودەستەو تاقمەكەشی هەمووی كوشتن، پادشاش بە دیل كەوتە دەستی پادشای عەرەبان، ئەوجا خستییانە سەر پشتی ووشترێكی خێرا و بەلەز پاش وەی هەردووك لاق و دەستیان توند شەتەكدابوو.... ئینجا بەرەو بیابانی برد.

**پاش سواربوون و غاردانی سێ شەوو سێ ڕۆژە بە نێو سەراب و سەرگەردانیی بیاباندا، بە پادشای دیلی گووت ؛**

**– نۆی، ئەس پادشای ئەم دەور و زەمانە، ئەی گەوهەر و وێنەی تاقانەی سەردەمەکەت لە بابلد ا، داخوازبووم و حەزمدەکرد لە نێو کۆشك و بورجی سەرگەردانییەکدا میواندارییەکەتان و گەشتەکەتان سازبدەن کە لە برۆنز بینا کرابایە و پلیکانەی زێڕین و زۆر و زەبەندەشی هەبوایە، بە دەرگا و دیوارانی هەمەجۆرە بڕزایەتەوە.. بەڵام ئەوا خۆتان دەبینن کە خودای بەخشندە خاوەنی کۆشکێکە زۆر لە بورجەکەی ئێوە چاکترە، کەوا نیشانتان دەدەم، ئەوەتا هیچ پلیکانەیەکی تیا نییە کە ماندووی سەرکەوتن و دابەزینتان بکات، نە دەرگایەکی زۆریشی هەیە کە پێویست بێت بشکێنرێن.. نەتەلبەند و پەرژینی چڕو د ڕکاویشی تێدایە کە پێویست بکات لێوەی بپەڕێنەوە و لێوەی دەرباز بن، نە دیواریشی لێیە کە ڕێ بە هەنگاوەکانتان بگرێت...!!**

**ئیدی پادشای عەرەبان، کۆت و بەندی چوار پەلی کردەوە و لە ناوەندی بیابانەکەدا بەجێیهێشت، کە هەر لە برسانا و تینووانا گیانی لە دەستد ا، سەرفرازی و شکۆمەندی هەر بۆ ئەو پادشا یەیە و شایانی ئەو پادشایەیە کە هەرگیز نامرێت...!!**

(**) **پەرجوو : موجیزە، شگوفت، موعجیزە.**

(*) **خۆرخێ لویس بۆرخیس، لە بۆینوس ئایریس _پایتەختی ئارجەنتین _ ساڵی ١٨٩٩ هاتۆتە دنیاوە و لە جنێف /ی سویسرا ساڵی ١٩٨٦ بۆ هەتایی ماڵئاوایی لە ژیان کردووە، بۆرخێس < نەك بۆرخیس، بە پیتی**

**/ ی / کە ئێمە هەمووومان و / بە کاریگەریی خوێندنەوەمانەوە بۆ ئەدەبی عەرەبی / بە هەڵە ئەینووسین و ئەیخوێنینەوە !! < مەزنترین نووسەر و مامۆستای هەموو نووسەرانی ئەمریکای لاتینییە، درەوشاوەترین وگەشترین ئەستێرەیەکە لە ئاسمانی ئەدەبیی هاوچەرخ و مۆدێرندا و هەمیشەش بە مۆدێرنێتی ئەمێنێتەوە... کورتە چیرۆك و ڕۆمان و هۆنراوە لە خامە زێڕینەکەیەوە هەروەکو گەوهەرێکی بەنرخ وەبەرهەم هاتوون و بە دیاری پێشکەشی مێژووی مرۆڤایەتی کردوون، مێتۆلۆژیا و مێژووی ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی نێوەند کاریگەرییەکی زێدە ئەوتۆیان لە نووسین و هزری ئەم مەزنە نووسەرەدا هەیە و زۆر مامۆستایانە و ژیرانە تەوزیف و ئافەریدەی کردوون....ناوی بۆرخێس، لە لیستەی چاوەڕوانیی بەخشینی خەڵاتی نۆبلدا ڕیزبەندبووە و... ئەفسووس گەر مەرگ یەخەی پێنەگرتبا خەڵاتەکەی وەرئەگرت، بەڵام خۆشبەختانە پێش مەرگ فریای وەرگرتنی خەڵاتی > سێرڤانتس > کەوتووە کە گەورەترین خەڵاتێکە لە ئیسپانیادا دابەشی نووسەر و داهێنەرانی دەکەن.**

**(٢)**

**زۆر بە داخەوە لە بواری نووسین و ڕۆژنامەگەری ئێمەی کورد دا، تاوەکو ئێستا لایەکی لێنەکراوەتەوە و وەکو زۆربەی نووسەرە مەزنەکانی دیکەی دنیا هەر پێناسەیەکیش چییە، پێناسە نەکراوە، بۆیە ئێمە لە خوێندنەوەی بەرهەم و وانە بە پێزەکانی بۆرخێس بە زمانە شیرینەکەمان بێبەشین....!! بۆیە بەندە**



www.kurdistannet.org

دوای فێربوون و خوێندنەوەی زمان و ئەدەبی ئیسپانیی <<کە خاوەنی ئەدەبێکی زۆر دێرین و قووڵ و بێسەمەرە و پڕ لە ئەفسوون و فانتازیا و فەلسەفە و عیبرەتە >> هەوڵەدەم و بە پێی توانا و بوار و خۆبۆ تەرخانکردن. کە ناوبەناو بەرهەمە بەنرخەکانی ئەو کیشوەر و جیهانە بە کوردزمان بناسێنم....!!!!! ((کە بە داخەوە ئەمێستا پێنج ساڵێکە لەوێ نیم و لە ڕێگەی ئینتەرنێت و پۆستەوە پەیوەندیم بەو وڵاتەوە هەیەو ئەمەش دیارە کە خەرجییەکی زۆری دەوێ و ئاسان نییە بۆ ئێمەیەکی کەم دەرامەت کە بەردەوام بین و هەتاسەر بین..!!!)) بۆیە دەمەوێ بە گوێی نووسەر و وەرگێڕە هێژاکانی لای خۆمان بڵێم کە لە جیاتی وەی خۆتان بە دەق و نووسینی سواو و پووکاوەوە خەرکدەکەن ئاوڕێ لە : بۆرخێس و گارسیا مارکێز و ئۆکتاڤیۆ پاز و خولیۆ کۆرتاسار و ئاستۆریاس و ئێزابێل ئەلێندی (کە دوور نییە ئەمساڵ نۆبڵ وەرنەگرێ !) وجۆزێ ساراماگۆ و ڕافاییل ئالبێرتی و ماریۆ بارگاس یۆسا و ماریۆ بێنێدێتی و خوان ڕووڵفۆ و ئانتۆنیۆ گالا و لویس سێرنۆدا و...... سەدان و دەیانی دیکەش کە تێکڕا هەموویان داهێنەرن و بە وەرگێڕانی دەق و شاکاری ئەوان کتێبخانە و کولتوور و فەرهەنگ و ئەدەبی ئێمەش تەکان و هەنگاوێك بەرە و پێشەوە.. بەرەو ئاراستەی ڕاست و درووست وەرچەرخانێك دەستەبەر دەکات........ !!!

www.kurdistannet.org